کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
21-4-2007 13:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وتەکانی کاک مەسعوود بارزانی زۆر لەجێی خۆیدایە، پەندێکیشە بۆ داهاتووی ورمێ (ئۆروومییە) ... عارف باوەجانی

لە 2 حەفتەی پێشوودا سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسعود بارزانی، لە وڵامی پرسیارێکی کاناڵی (العربیە) دا، سەرەڕای ئەوەی کە ئاماژەی بەوە کرد کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە گرنگیی بە پێوەندیی وڵاتانی دراوسێ دەدات، ئامادەیە بۆ هەموو کێشەکانیش بە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام بە مەرجێک کە نە ئێمە دەست بخەینە کاروباری ناوخۆی ئەوانەوە و نە ئەوانیش دەست بخەنە نێو کاروباری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە.



لە پێوەندی بە وڵاتی تورکیاوە بەڕێز بارزانی ڕایگەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بیهەوێ بەبیانووی بوونی تورکمەن لە کەرکووکدا دەست بخانە ناو کاروباری کەرکووکەوە، ئەوا ئێمەش پشتیوانی لە 30 ملوێن کورد دەکەین کە لە ژێر ستەمی دەوڵەتی تورکیادان، هەروەها ئاماژەی بەوە ش کرد کە ئێمەش مافی خۆمانە پشتیوانی لە دیاربەکر بکەین.

ئەم وتە بەنرخەی بارزانی پەیامێکی هۆشیارکردنەوەی بە گوێی وڵاتانی دراوسێ و داگیرکەرانی کوردستاندا گەیاند، کە لە سەرەوەی هەموویان بە گوێی وڵاتی تورکیادا، بۆ ئەوەی باش بزانن کە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە درێژاییی مێژوودا هەرگیز ئامادە نەبوون ملکەچی هێزی وڵاتانی داگیرکەران بن. داگیرکەران باش دەزانن کە گەلی کورد هەرگیز بەرامبەر بە تۆپ و فڕۆکە و کوشتاری بەکۆمەڵ و ئەنفال وکیمیاباران و وێرانکردنی گوند وشار و زێد و ئاوارەیی و دەربەدەری وازی لە مافە ڕەواکانی خۆی نەهێناوە، ئێستاش بە هەڕەشە و گیفەی (ئەردوغان) و باندەکەی لە پێناو وەدەستهێنانی دەنگی ناشیونالیستانی تورکیادا لە هەڵبژاردنی ناو تورکیا کە کاتی نزیک بووەتەوە هەرگیز بە چۆکدا نایەت، گەلی کورد هەردەم ئاشتیخواز بووە و هەرگیز نەیویستووە کێشەی گەلەکەی لە ڕێگەی شەڕ وتوند و تیژیدا چارە سەر بکات، بەڵام هەردەم دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان ئەو شەڕە نەخوازراوەیان بەسەر کوردا سەپاندووە.

دەوڵەتی تورکیا، ئەوە یەکەم جاری نییە کە بەو شێوەیە هەڕەشە بکات، ئەوە پیشەی چەند ساڵەی ئەو وڵاتەیە، بە تایبەت لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991ی گەلی کوردمان لە باشووری کوردستان، هەمیشە بەرپرسان و ڕەگەزپەرستانی ئەو وڵاتە وەک ئەوەی پارچەیەکی لەشیان ئازاری هەبێت، بەو نیمچە سەربەخۆیییە لە باشووری کوردستان ئازاریان هەبووە و بە دوای کۆسپ وتەگەرە و بەهانەگرتندا بوون.

وێڕای دەنگدانەوەی زۆر باشی ئەو وتە بەنرخ و بەجێیانەی سەرۆک بارزانی و پێشوازیی گەرمی جەماوەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان، لە هەندێك ڕۆشنبیری کوردیش دەبیسرێتەوە کە گوایە ئەو وتانەی سەرۆک بارزانی لەم کاتەدا نەدەبوو بگوترێت و کێشەمان بۆ دەخوڵقێنێ و بەهانە دەداتە دەستی بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیاوە. لێرەدا پێویستە لە خۆمان بپرسین کە هەمیشە کورد داوای دۆستایەتی لە دەوڵەتی تورکیا کردووە و چەندین جار داوای کردووە بە دیالۆگ و ئاشتییەوە با کێشەکانمان چارەسەر بکەین. ئایا هیچ کاتێک تورکیا ئامادە بووە وڵامی کورد بداتەوە و بە شێوەی دیالۆگ و لەیەکگەیشتن لەگەڵ گەلی کورددا بدوێ، سیاسەتوانان و جەنەڕاڵەکانی ئەو دەوڵەتە هەمیشە هەر وڵامی هەڕەشە و خەریکی پلانگێڕان بوون بە دژی گەلی کورد، کەوا بێت ناکرێت گەلی کورد هەمیشە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆیان بە کەمدەسەڵات و بێهێز لە بەرامبەر تورکیا و داگیرکەراندا پێشان بدەن. ئێمەی کورد هەردەم بانگێشەی ئاشتی و برایەتیمان کردووە، بەرامبەرەکەمان پێچەوانە لەگەڵمان جووڵاوەتەوە.
ئێستاش لەم سەردەمەدا کە سیاسەتی جیهانی زۆر ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە، ئەو زەمانە نەماوە هەر وڵاتێکی وەک تورکیا پێی خۆش بێت وڵاتێکی دراوسێی داگیر بکات و جیهانیش بەرامبەری بێدەنگ بن.
بۆ پشتیوانی لە قسەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعوود بارزانی و پێشاندانی ناڕەزایی لە قسەکانی ئەردوگان لەو پێوەندییەدا ئەرکی سەرشانی هەموو پارت و لایەن و ڕۆشنبیر و تاکێکی کوردستانییە کە پێشتیوانی لە پاراستنی ئەو بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان بێت، لە بەرامبەر بە هەڕەشە و چاوترساندنەکانیان بێدەنگ و بێهەڵویست نەبین.
مەسەلەی بوونی چەند هەزار تورکمەنێک لە شاری کەرکوودا بووەتە بەهانەیەکی هەمیشەیی تورکیا کە بیهەوێ دەست بخاتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام پارێزگایەکی دیکەی کوردستان هەیە کە لە داهاتوودا تورکیا زۆر زیاتر بیانوو بەو بەشەی کوردستانیش دەگرێت کە ئەویش پارێزگای ورمێ و دەوروبەرە.
ئۆرومییە بە هەموو پێناسەیەکی مێژووییەوە دەیسەلمێنی کە شارێکی کوردستانییە، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لە مێژ ساڵە تورکی ئازەربایجانی بندەستی ئێرانیش لەو پارێزگایە دەژین، دەبێت لە داهاتووی دەسەڵاتی کوردستانیشدا لەو هەرێمانەی کە کورد وئازەری پێکەوە دەژین مافی یەکسانیان هەبێت، وەک هاووڵاتییەکیش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت.
پارێزگای ئورومییە بە هۆی سیاسەتی داگیرکەرانی وڵاتانی کوردستان و دەستکاریکردنی دیمۆگرافیی کوردستان ناوی ئەو پارێزگایەیان ناوە ئازەربایجانی باشوور، بۆ ئەوەی هەر بەو ناوەوە بۆ هەمیشە کێشە لە نێوان کورد و ئازەری دروست بکەن. دەکرێت بڵێین زۆر بەداخەوە کە ئێستاش لەم سەردەمەدا لە ڕاگەیاندنی هێندێک لایەنی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باتیی پارێزگای ئورومییە بە پارێزگای ئازەربایجان ناودێری دەکەن، پاساویشیان ئەوەیە کە ئەو پارێزگایە هەر بەو ناوە چەندین ساڵە تۆمارکراوە و دروست نییە ئێمە ناوەکەی بگۆڕین، بەڵام باشترین بەڵگەمان ئەوەیە کە ڕێژیمی پێشووی بەعسی ئێراق لە تەمەنی 38 ساڵ دەسەڵاتداریی خۆیدا هەمیشە بە پارێزگای کەرکووکی دەگوت پارێزگای (تەئمیم)، بەڵام هەرگیز ڕاگەیاندنی کوردی لە باشووری کوردستان کە لەو سەردەمەدشدا کە لە شاخ بوون بە بیانووی ئەوەی کە ئەو پارێزگایە لە لایەن حکوومەتەوە ناوی گۆڕدراوە ناوی کەرکووکیان نەگۆڕی بە تەئمیم و ناویان نەدەهێنا.
بۆ هەموو کوردێک کە شارەزای مێژووی دێرن و ئێستای ئورومییە ئەوە باش دەزانێ کە لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کێشەیەکی چاوەڕوانکراو بە دەستتێوەردانی تورکیا لەو پارێزگا کوردستانییەدا بەدی دەکرێت، کە شک وگومان لەوەدا نییە لە کێشەی کەرکووک گەورەتربێت، بەڵام ئەوەی زۆرجێگای داخ و مخابنە کە تا ئێستا هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەک کۆنەبوونە تەوە بۆ بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ داهاتووی ئورووەمییە (ورمێ) وشارەکانی دەورو بەری، لە هەر لایەنێک دەپرسی بۆچوونتان لەسەر ورمێ چییە ودەبێت چیی بۆ بکەین، لە وڵامدا دەڵێن با جارێ ئەو کێشەیە ڕاگرین بۆ دواین ڕۆژ کە دەگەڕێینەوە ناوخۆی وڵات. منیش دەڵێم دەبێت ئەو کێشەیە لە داهاتوودا لە ڕێگەی ڕێفراندۆمێکی ئازاددا لە نێو دانیشتووانی ئورومییە یەکلابکرێتەوە، بەڵام خۆ دەبێت لە ئێستاوە ئێمە ئاگامان لە کۆسپەکانی داهاتووی ئەو شارەمان بێت. خۆ دەبێت لایەنە کوردستانییەکان هەرلە ئێستاوە لە هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگە ودۆکۆمێنتی مێژوویی بن بۆکەڵک لێوەرگرتنی لە داهاتوودا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
21-4-2007 13:40بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

بێدەنگیی ئێمەی كورد لەو بەشەی كوردستان و خۆتەیاركردن وخۆئامادەكردنی لایەنەكانی سیاسی و ڕۆشنبیری ئازەری مەترسییەكی وامان پێشان دەدا، كە بە پشتیوانیی دەوڵەتی توركیا ڕووداوی ناخۆش و زیانبەخش بە دانیشتووانی ئورومییە بگەیەنێت.
با هەموومان وتەكانی سەرۆك بارزانی بەرامبەر بە سیاسەتی چەواشەكاریی توركیا بەرامبەر بە گەلی كورد بكەین بە پەندێك بۆ داهاتووی پارێزگای ئورومییە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان. با هەموومان بە یەكگرتوویی و یەكدەنگی وەڵامی هەر داگیركەرێك بدەینەوە كە بیهەوێ بە بیانووی بوونی توركی ئازەری لە پارێزگای ئورومییە ئاسایش لە خەڵكی ئەو دەڤەرە تێك بدات.
با ئەو ڕووداو و كێشانەی كە لەم كاتەدا بە چاوی خۆمان دەبینین بۆ شاری كەركووك دەیهێننە پێشەوە، بیكەینە هەوێنی هزرێكی ژیرانە بۆ داهاتووی شارەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان وهاندەرێك بێت بۆ ئێمەش كە خۆمان بۆ داهاتووی ئورومییە ئامادە بكەین. با واز لە بوونی هزری جیاوازیی سیاسی وحیزبایەتی بێنین و بۆ پاراستنی یەكێتیی خاكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان یەكدەنگ و یەك پلان بین. با هەموومان لە دەوری یەك لە كۆبوونەوەیەك یا كۆنفرانسێك بۆ ئورومییە كۆببینەوە، هەروەك كۆنفرانسی بەرینی باكۆی ئازەرییەكانی بندەستی ئێران كە 1100 ئازەریی بندەستی ئێران سەرەڕای بوونی جیاوازیی سیاسی و بیركردنەوەیان هەموویان لە شاری باكۆی پایتەختی ئازەربایجان، بە پشتیوانیی حكوومەتی ئازەربایجان كۆنفرانسێكی چەند ڕۆژییان پێك هێنابوو لەسەر ئەوەی كە لە داهاتوودا چۆن بتوانن ئورومییە لە كوردستان دابڕن و بیخەنە سەر جۆگرافیای ئازەربایجان.
ئێمە هەردەم بە بیانووی نەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی خۆمان بێدەنگ دەكەین، من پێم وایە بە یەكگرتوویی و یەكدەنگییش دەتوانین تا ڕادەیەكی باش پشتیوانیی نێودەوڵەتی و سیاسیش بۆ خۆمان كۆ كەینەوە. نموونەی بەرچاویش وڵامە دروستەكەی كاك مەسعوود بارزانییە كە چۆن كارێكی وای كرد میدیاكانی جیهانی هەژاند. هەڕەشە ناڕەواكەی توركیاش لە زۆر وڵاتی جیهانەوە بە پێشێلكردنی خاكی دراوسێ هەڵسەنگێندرا، كە لەسەرەوەی هەموویان سەرۆكی پەرلەمانی ئێراق و سەرۆك وەزیرانی ئێراق لێی وەدەنگ هاتن.

هەر سەكەوتوو بێت یەكگرتوویی ڕیزەكانی كوردستانی بۆ پاراستنی خاك و نیشتمانمان!
عارف باوەجانی، 1ی بانەمەڕی 2707 ی كوردی.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.